# دەریا



**سەرهەنگ حمە سالح**
xamosh_serheng@yahoo.com

**بەقولآیی**

**ئەم دووریەی**

**بە ناختەوە**

**دێنە خوارێ...**

**بەم شەپۆلە..شێتانەی**

**کە حەزەکان**

**بۆ ئاپۆری..مەرگ دەبا**

**بێ کۆتایی...**

**منی سەرشێت**

**هێدی..هێدی**

**هەنگاوەکانم**

**مەست دەبن..**

**بۆ کەناری**

**ئەو دەریایەی**

**کەس ناناسێ.!**

**دەست بۆ هەوگی**

مەرگی هەموو کەسێ

دەبا...!

ئەگەر باسی

سەرگوزشت و

هاوڕێیەتی..یەکتر

بکەین..

بەشەپۆڵی حەسرەتەکان

سیمای یەکتر

بشۆینەوە..

مەرگ دادی

نێوان ئێمە..دەدا.!

بوکی دەریا

ئەم سەفەرە

من و پرچی ئەو نازدارەی

لە شەپۆڵی..دەریا دەکا

من وکەناری ئەو عەشقەی

دەست بۆ هەوکی

مەرگ دەبا..!